## دەقێ جارِ نامەێ گەردونی مافێ مرۆڤ

**جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لە ١٠ی دیسەمبری ساڵی ١٩٤٨ لە کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا.پاش بە پەسندگەیشتنی ئەم جارنامەیە، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ئەندامەکانی خۆی کرد کە ئەم جارنامەیە بە شێوەی گشتی بڵاوبکەنەوە " هەتا لە قوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردن و بارهێناندا بڵاو بکرێتەوە و بخوێندرێت". لەبەر گرینگی ئەم جارنامەیە و هەروەها فەرامۆشکرانی لە لایەن دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان بە پێویستم زانی بە کوردی ئەم جارنامەیە بکەوێتەوە بەر چاوی خوێنەرانی کورد..**



**عومەر عینایەتی**
**پێشەکیی**

لەو رووەوە کە ناسینی کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مروڤ و مافی یەکسان کە بۆ کەسێکی دیکە ناگوازرێتەوە و بنچینەی ئازادی و عەداڵەت و ئاشتی لە جیهان دادەڕێژێت، لەو سەرەوە کە دەرەنجامی نەناسین و سووککردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی توندوتیژیی نامرۆڤیی، کە رۆحی مرۆڤی تووشی سەرکەشیی کردووە و بەدیهاتنی دنیایەک کە تێیدا مرۆڤەکان بتوانن بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەرببڕن و نەترسێن، وەک بەرزترین ئاواتەکانی مرۆڤ راگەیاندراوە. لەو رووەوە کە دەبێ لە بنەڕەتدا مافە مرۆڤییەکان دەبێ بە بەڕێوەچوونی یاسا پشتگریی بکرێن هەتا مرۆڤ وەکو دوایین رێچارە ناچار نەبێ بە دژی ستەم و گوشار شۆڕش بکا. لەو رووەوە کە پێویستە پەرە بە پەیوەندیی دۆستانەی نێودەوڵەتیی بدرێ، لەو سەرەوە کە گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ جارێکی دیکە لە جاڕنامەکەدا بڕوای خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئاست و بایەخی تاکی مرۆڤی و یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو دووبارە کردۆتەوە و سوورن کە یارمەتی گەشەی کۆمەڵایەتی بدەن و لە ژینگەیەکی ئازاددا بارودۆخی ژیانێکی باشتر مسۆگەر بکەن، لەو رووەوە کە دەوڵەتانی ئەندام یەکیان گرتووە کە رێزگرتنی جیهانی و وەبەرچاوگرتنی راستەقینەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بە هاوکاریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین بکەن، لەو سەرەوە کە لێک تێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بە ماف و ئازادییەکان بۆ بەڕێوەچوونی سەرلەبەری ئەم بەڵێنە بەتەواوی گرینگە، دانیشتنی گشتیی، ئەم جاڕنامە گەردونییەی مافی مرۆڤی بە ئاڕمانجی هاوبەش بۆ هەموو گەل و نەتەوەکان دەزانێ هەتا بە گشتی و هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا ئەم جاڕنەمەیان لە رۆژەڤ دا هەبێ و هەوڵ بدەن کە بە هۆی فێربوون و بارهاتن رێزی ئەم ماف و ئازادییانە مسۆگەر بێت و بە وەربەرچاوگرتنی رێوشوێنی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، بناسرێت و بەشێوەی راستەقینە و حاشاهەڵنەگرییان چ لە نێوان نەتەوەکانی ئەندام و چ لە نێوان گەلانی نێو سنووری وڵاتاندا بەڕێوەبچێت.

